نزیکەی 29 هەزار هاوسەرگیری لە مانگی نیسان لە عێراق تۆمارکراوە

ئەمڕۆ پێنجشەممە، ئەنجومەنی دادوەری عێراق رایگەیاند، لە مانگی نیسان نزیکەی 29 هەزار هاوسەرگیری تۆمارکراوە.

ئەنجومەنەکە لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند، لەسەرجەم پارێزگاکانی عێراق جگە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان مانگی رابردوو 28 هەزار و 853 هاوسەرگیریی بەفەرمی تۆمارکراوە و لەبەرامبەریشدا پێنج هەزار و 665 حاڵەتی جیابوونەوە هەبووە کە زۆرینەیان لە بەغداد و بەسرە تۆمارکراون.

بەگوێرەی ئامارەکە، لە مانگی نیساندا لەبەرامبەر هەر پێنج هاوسەرگیرییەک، یەکێکیان بە جیابوونەوە کۆتاییهاتووە.

هۆکارەکانی جیابوونەوەی هاوسەران لە عێراق بۆ ناسەقامگیریی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی دەگەڕێنرێتەوە و یەکێک لە هۆکارە گەورەکانیش هاوسەرگیریی منداڵانە و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش بەشێکی سەرەکین لە پاڵنەرەکانی جیابوونەوە.